## پاوەربانکێکی زۆر خێرا




پاوەربانکەکان وایان کردووە کە کێشەی نەمانی شەحنی مۆبایلەکان تا رادەیەك چارەسەر بکا.. کۆمپانیاکان رکابەریان لە بەرهەمهێنانی نوێترین پاوەربانکی نوێ کە بتوانرێت کارایی زیاتر بێت.. هەربۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای THINO جۆرە پاوەربانێکی بەرهەم هێناوە کە سوود لە کێبڵی USB C وەردەگرێت بەهۆیەوە خێرایی شارژکردنەوە سێ بەرابەری پاوەربانکی دیکەیە.. خێرایی شەحنکردنەوە بەرادەیەکە بۆ نموونە گەر مۆبایلێك بۆ شەحنکردنەوەی پێویستی بە چەند کاتژمێرێك بێت ئەو تەنیا لە ١٥ خولەك فوول شەحنی دەکاتەوە.. جگە لەوەش پاوەربانکەکەش تەنیا لە ١٥ خولەکدا شەحن دەبێتەوە..







## ئەرکەکانی مۆبایلە رۆبۆتەکە

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هەروا دێت داهێنان نوێتر و بەرهەمی سەرنج راکێشتر دروست دەبن.. مۆبایل لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا گۆڕانکارییەکی جیدی بەخۆیەوە دی... نوێترین مۆبایلی رۆبۆتی جیهان لەلایەن ژاپۆنییەکان و کۆمپانیای شارپەوە بەرهەم هات.. مۆبایلێك یان روونتر بڵێم رۆبۆتێك کە دەتوانێت جگە لە ئەرکەکانی مۆبایل، سەما بکات و وێنە بگرێت.. مۆبایلی robohon سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، شاشەکەی ٢ ئینجە. جگە لەوەی کە وەك مۆبایلێکی هۆشمەند دەتوانێت پەیامە دەقییەکان بخوێنێتەوە. پەیوەندییەکان رابگەیەنێ.. رۆبۆتەکە هەستی خاوەنەکەی تێدەگات و ئەگەر هاتە ژوورەوە بەناوی خۆی بەخێرهاتنی دەکات.



# فێرێکی تایبەت بە وردبینییەکی زۆرەوە

لە لێنانی چێشتدا گرنگی هەر کابان و دەسترەنگینی چێشتلێنەر نییە... بگرە ئامێریش بەتایبەتی ئاگر و تین رۆڵی خۆی دەبینێت.. بۆ هەندێك چێشت گڕێکی بەهێز پێویستە و بۆ هەندێکیشیان گڕێکی کز و ئارام.. فێرێکی چێشت لێنان بەناوی control freak بەرهەم هاتووە کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەرەخسێنێ کە بە ویستی خۆی گڕ و تینی تەباخەکە دیاری بکات.. تەباخەکە بە دوو شێوە تینی پێویست بۆ لێنانەکە دەپێوێ، هەم لە ژوورەوە هەم لە دەرەوە.. هەربۆیە هەمیشە لە یەك پلەدا دەبێت.. لە پلەی ٢٠ هەتا ٢٥٠ی تێدایە تا کاتی لێنانی چێشتەکە لەو پلەیەی کە داندراوە گۆڕانی بەسەردا نایەت..

## لوولەکێک پڕ لە دەنگ و رەنگ

سپیکەر واتە بڵندگۆکان گۆڕانێکی زۆریان بەسەرداهاتووە، چێژ وەرگرتن لە گلۆپێکی خەو کە هەم گۆرانیتان بۆ بڵێ و هەم رووناکی تایبەت بە کتێب خوێندنەوەتان پێ ببەخشێ چێژی خۆی هەیە... گلۆپی جۆری mulite S جگە لەوەی دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە تایبەتمەندییەکانیشی جیاوازن لە سپیکەری دیکە.. سپیکەرە لوولەکییەکە سێ ئەرکی تایبەت ئەنجام دەدا، هەم پاوەر بانکە بۆ شەحنکردنەوە، هەم گلۆپێکە بۆ کاتی نووستن و کتێب خوێندنەوە.. هەم دەتوانرێت بەهۆیەوە مۆبایل شەحن بکەیەوە. رەنگەکانیشی بەهۆی ئەپلکەیشنێك کە لەسەر مۆبایل دادەندرێ دەگۆڕدرێن..






## کامێرای LG 360 و تایبەتمەندییە گرنگەکانی

کۆمپانیای LG لەم دواییەدا نوێترین کامێرای ٣٦٠ پلەیی خۆی بەرهەم هێنا.. کامێرایەك بەتایبەتمەندی گرنگ و جیاواز... کامێراکە دەتوانێت وێنەی ٣٦٠ پلە بگرێت، بەڵام بە کوالیتی k٢ هەروەها دەنگیش بە کوالیتی ٥,١ تۆمار بکات...

هەستەوەری کامێراکە ١٣ میگاپیسکلە و ٣ مایکی لەگەڵدایە.. دەنگ و رەنگ هەردووکیان کوالیتیان باشە.. میمۆرییەکەی ٤ گیگابایتە و دەکرێت میمۆری دەرەکیشی بۆ دابندرێ.. دەتوانن وێنەکان هەر لەوکاتەدا دەگرن لە سایتی یۆتیوبدا بڵاوی بکەنەوە..

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێك دەپرسێت ویندۆز ١٠ م خستۆتەسەر لاپتۆپەکەم، بەڵام هەمیشە ئۆتۆماتیکی خۆی ئەپدیت دەکاتەوە ئەوەش وا دەکات قەبارەی ئینتەرنێتی فاست لینکەکەم کەم بکاتەوە ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی ئۆتۆماتیکی ئەپدیت نەبێتەوە؟ بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەم هەنگاوانە بگرە بەر ئەم کێشەیەت لە کۆڵ دەبێتەوە. لەسەرەتادا run بکەوە... بە دوو دوگمەی windows+R.. پاشان پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لەودا بنووسە Services.msc دوای ئەوە ئینتەر بکە... دواتر پەنجەرەیەك دەکرێتەوە لەودا بەشی Windows Update هەڵبژێرە و دوای ئەوە disable فەرمانی stop لێبدە.. ئیدی کێشەکە کۆتایی دێت..



## ڕۆبۆتێک پیتزا دەگوازێتەوە

چەند ساڵێکە هەوڵ لە ئارادایە کە ڕۆبۆتەکان هەندێك ئەرکی مرۆڤەکان جێبەجێ بکەن، هەرچەندە لە کۆمپانیا گەورەکاندا زۆربەی ئەرکەکان ڕۆبۆت ئەنجامی دەدات.. لەم دواییەدا ڕۆبۆتێك بەناوی (دۆمینۆ) بەرهەمهاتووە کە دەتوانێت پیتزا و خواردنی دیکە بۆ مەودای ٢٠ کیلۆمەتر دوور لە ڕستۆرانەکە بۆ شوێنەکان بگوازێتەوە..

ڕۆبۆتەکە یەك مەتر دەبێت و شوێنی ١٠ پیتزای تێدا دەبێتەوە، پتیزاکە ئەوکات دەگاتە دەستی کڕیاریش هەر بەگەرمی دەمێنێتەوە. جگە لە پیتزا ساردەمەنیش دەگوازێتەوە.. ڕۆبۆتەکە بەبێ گرفت بە شوێنە سەختەکانیشدا دەڕوات و بەربەستەکان دەبەزێنێت.. ئەرکی سەرەکی ڕۆبۆتەکە بۆ شوێنە نیزامی و سوپاییەکان و مەیدانی شەڕە ڕۆبۆتەکە لە سەنگەرێك بۆ سەنگەرێکی دیکە خواردن و کەلوپەلی دیکە دەگوازێتەوە...



## سایتێک بۆ وێنەی سێ رهەندی

ماڵپەڕێکی زۆر هەن کە خزمەتگوزاریان تایبەتە بە وێنە و فیلم و نیشاندانی فیلم و وێنە بە کوالیتی بەرز... بەڵام کەمتر سایت هەیە کە تایبەت بێت بە وێنەی سێ رەهەندی.. سایتی sketchfab یەکێکە لەو سایتانە کە لە هەموو بوارێکدا وێنەی سێ رەهەندی ٣D تێدایە.. بە ئاسانی لەو سایتەدا دەتوانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان وەك مۆبایل و کۆمپیوتەر، یارییە ئەلکترۆنییەکان، پەیکەر هەسارەکان بەشێوەی سێ رەهەندی ببینی.




## مۆبایل و دووربینی شەو

دووربینی شەو زیاتر بۆ کاروباری نیزامی سودی لێوەدەگیردرێ، دووربینێك کە لە تاریکی شەویشدا دەکرێ دەوروبەری پێ سەیر بکەی و لە تاریکەشەودا وەك رۆژی رووناك دەبینی.. دووربینی شەو بە سیستەمی تیشکی سەرووی سوور کار دەکات.. بەدوای ئەوەی کە مۆبایلەکان دەتوانن گەلێك ئەرك جیا لە ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن، یەکێك لەو ئەرکانە زیادبوونی دووربینی شەوە..
دووربینی جۆری snooperscope وەك عەدەسەیەك واتە لێنزێك لە مۆبایل پەیوەند دەدرێت.. بەهۆیەوە دەتوانی هەم وێنە بگری و هەم فیلم هەڵبگریەوە ئەوەی لە تاریکیدا حەشاردراوە لە فیلم و وێنەکاندا دەردەکەون.. جگە لەوەش دەکرێت چوار بەرابەریش وێنەکە گەورەتر نیشان بدات.




## پرۆگرامێک بۆ دیزاینی سایت لە پێنج خولەکدا

بۆ دروستکردنی سایتێك پێویستت بەوە هەیە یەکێك لەو پرۆگرامانە بەکار بێنی کە تایبەتن بە دروستکردنی سایت، بەڵام ئەو پرۆگرامانە زۆربەیان بەکارهێنان و سوودلێوەرگرتنیان بۆ ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە لە سایت دروستکردن گەلێك دژوارە، چونکە بە زمانی پرۆگرامنووسی ئامادەکراون...هەندێك پرۆگرامیش هەن کە بەکارهێنەر پێویست ناکات بۆ دیزاینکردنی سایت تەنانەت یەك کۆدیش بنووسی وەك پرۆگرامی Website Evolution X٥ Incomedia

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ناوبراو ئەوانەن:

- بەکارهێنانی زۆر ئاسانە و هیچ شارەزاییەکیشت لە دروستکردنی سایتدا نەبێت دەتوانی سوودی لێببینی..
- بوونی دەیان نموونەی لە پێشدا ئامادەکراو..
- بە ئاسانی ئەپەلۆدکردنی سایتەکە لە سێرڤەرەکانی FTP.
- دروستکردنی لاپەڕەیەکی تایبەت کە بتوانن بە ناو و پەسۆردەوە بچنە ناو سایتەکە و زۆر تایبەتمەندی دیکەش..